# فەزڵەکانی ذیکر

[ kurdish – کوردی – كردي ]

موحەمەد ئیبراهیم ئەلتوەیجری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فضائل الذكر

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فەزڵەکانی ذیکر

1- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد/28].

واتا: ئەوانەی باوەڕیان هیناوەو دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خواو (پاپەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

2- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ(صلى الله عليه وسلم): (يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وَأَنَا مَعَهُ حِينَ يَذْكُرُنِي، إِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ هُمْ خَيْرٌ مِنْهُمْ، وَإِنْ تَقَرَّبَ مِنِّي شِبْرًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا، وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا تَقَرَّبْتُ مِنْهُ بَاعًا، وَإِنْ أَتَانِي يَمْشِي أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً). [متفق عليه].

واتا: (أبو هريره)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلی اللـه علیه وسلم) فەرموویەتی: (خوای گەورە دەفەرمووێت: من لەگەڵ گومانی بەندەی خۆمم، من لەگەڵیدام کاتێك یادم دەکات، ئەگەر لە دەروون و نەفسی خۆیدا یادم بکات،

ئەوامنیش لەدەروون و نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، ئەگەر لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا یادم بکات، ئەوام منیش یادی دەکەم لەناو کۆڕ و کۆمەڵێکدا لەوەی خۆی چاکتربن، ئەگەر یەك بست لەمن نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر یەك باڵ لە من نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك گەز لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر بە ئاسایی بێت بۆلام، ئەوا من بەڕاکردن بەرەو ڕووی دەچم).

3- وعن أبي موسى رضي الله عنه قال: قال النبي اللهِ(صلى الله عليه وسلم): «مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ مَثَلُ الحَيِّ وَالمَيِّتِ». [أخرجه البخاري].

واتا: نمونەی ئەوەی یادی پەروەردگاری دەکات وئەوەی یادی ناکات وەکو نمونەی زیندو ومردوو وایە.

- **فەزڵی بەردەوام بوون لەسەر یادکردنی خوا وبیرکردنەوە لە دوارۆژ، وە ڕەوایە هەندێ جار وازی لێبێنیت لە هەندێ کاتدا:**

4- عَنْ حَنْظَلَةَ الْأُسَيِّدِيِّ (رضي الله عنه) - وفيه -: فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ (رضي الله عنه) حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللهِ(صلى الله عليه وسلم). قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَا رَسُولَ اللهِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ(صلى الله عليه وسلم): (وَمَا ذَاكَ). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ

نَكُونُ عِنْدَكَ تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ [حَتَّى] كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِكَ عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ نَسِينَا كَثِيرًا.

فَقَالَ رَسُولُ اللهِ(صلى الله عليه وسلم): (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنْ لَوْ تَدُومُونَ عَلَى مَا تَكُونُونَ عِنْدِي وَفِي الذِّكْرِ، لَصَافَحَتْكُمُ الْمَلَائِكَةُ عَلَى فُرُشِكُمْ وَفِي طُرُقِكُمْ، وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَةً). ثَلَاثَ مَرَّاتٍ.[ أخرجه مسلم].

واتا: حنظله دەڵێ: من و أبوبكر چووین بۆ خزمەت پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) وتم: ئەی پێغەمبەر، حنظله دوو ڕوویی کردووە، پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی: (ئەوە چییە؟ (ئەو دووڕووییە چییە؟)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) کاتێك لای تۆبین بەهەشت و دۆزەخمان دەخەیتەوە یاد، وەك ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیبێتمان کاتێکیش لای تۆ دەرچووین ئەوا ژن و ماڵ و مناڵ سەرقاڵمان دەکات. پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی: (سوێند بەوکەسەی نەفسی منی بەدەستە ئەگەر بەردەوام بن لە سەر ئەو حاڵەتەی کەلای منن یا لە یادکردنەوەداین، ئەوا فریشتەکان لەگەڵتاندا دەبوون و تەوقەیان لەگەڵ دەکردن لە

جێگەکانتاندا و لەڕێگا و بانەکاندا، بەڵام حنظله کات کاتە..)
سێ جار دووبارەی کردەوە.

سەرچاوە: کتێبی پوختەی فیقهی ئیسلامی.